کۆڕەو ڕاپەڕینێکی تری خەڵک بوو، داستانی ئەزمڕیش، نەبەردییەکی تری پێشمەرگە

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە- عەبەڕەق و دڵشاد قڕگەیی - ناوەڕاست- دلاوەر حاجی عوسمان و ئەحمەد محەمەد، شەهید کاوە کەوڵۆزی- تیپی 31ی سلێمانی

ئا/ لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ

گرنگی و تایبەتمەندی داستانی ئەزمڕ زیاتر لەوەدایە کە لەوپەڕی سەرکەوتنی دووژمن و شکستی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەدا، بوە پەرچەکردارێکی بەهێز لەڕوی ڕژێم و سوپا شەڕانگێزەکەی بەعس.

لەگەرمەی کۆڕەو و لێکترازانی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1991 دا، دەستەیەک پێشمەرگە کێوی ئەزمڕیان کردە دوا خاڵی سەرکەوتنی دووژمن و هێڵی بەرەنگاریان کێشا، ئەوەبوو زنجیرەیەک پێکدادان ڕویدا و لەیەکێک لە نەبەردییەکاندا دەبابەیەکی دووژمن تێک شکێندرا، کە ئێستاش لاشەکەی هەر لەو کێوەیەو وەک شوێنەوارێکی مێژوویی ئەو داستانە، گەشتیاران و ڕێبواران لێی دەڕوانن.

تالیب مۆریاسی پێشمەرگەیەکی بەشداربوی داستانەکە، یەکێک بووە لەو دەستەیەی لەیەکەم شەڕی ئەزمڕ کاریگەری هەبووە، ئاماژەی بەیەکەم چرکەی بەرەنگاربوونەوەکە کردو ڕایگەیاند:- لەقەڵاچوالان هەڤاڵ جەبار فەرمان بۆی باسکردوون بەرێز مام جەلال لەسنورەکەیە و پێویستە پێشمەرگە لەسەر شاخی ئەزمڕ بەرگری بکات، یۆیە وەک هەنگاوی یەکەم یانزە پێشمەرگەی بوێر و ئازا بە فەرماندەیی تالیب مۆریاسی‌لە ڕۆژی 1991/4/6 دەگەنە سەر شاخەکەو مەتەرێزی بەرگری ساز دەکەن.

تالیب گێڕایەوە:- ڕۆژی 4/7 لەشۆڕێنی ئوتێل ئەزمڕ پاڵاسی ئێستابووین پێشمەرگەیەک لەدەستەکەمان بەناوی عوسمان لەهاتنی دوژمن ئاگاداری کردمەوە، منیش کەسەیری پێشرەویی دوژمنم کرد، دوو ئۆتومبێلی میك زەمینی‌سەربازیم بەدیکرد دیاربوو زیاتر بۆ ئیستیتلاع هاتبوون، ئێمەش دەست بەجێ لێمان دان و هەردوو ئوتومبێلەکەو دوو ڕەشاش B K C و جیهازێکی ڕاکاڵیان بەجێهێشت، هەروەها سەربازێکیش کوژرا.

پاشان برادەران دایەشی سەر بەرزاییەکان کرانو دوای 45 دەقیقە لە هەموو قۆڵەکانەوە دوژمن هێرشی بۆ کردین، چەندین جار نزیك بونەوەو تێکشکان، لەکاتی شەڕەکەدا کاك دلاوەر حاجی عوسمانی کە فەرماندەی تیپ بوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی‌ماوستا جەمال محەمەدو شێخ نەبەزو جەمال چاوشینو سوهاد خانەقینیو چەند برادەرێکی تر گەیشتنە لامان و بونە پاڵ پشتێکی بەهێزی ئێمە، ئەوە بوو دوژمن بە تۆپباران‌و بۆردومانی هێلیکۆپتەر و هێزی سەربازی زۆرەوە چەندین هێرشیان بۆ کردین و شەڕەکەش تا ئێوارەی خایاند.

دواتر دەربارەی تێکشکانی دەبابەکە، تالیب مۆریاسی وتی: من نامەوێ بەتەنها خۆم بەپاڵەوانی ئەو داستانە لە قەڵەم بدەم، چونکە ئەو 11 پێشمەرگەیەی دەستەی یەکەم و هەموو ئەو برادەرانەی دواتر هاتن کەسی ئازاوخۆڕاگر بوون ڕۆڵی زۆرباشیان گێڕا لە بەرپەرچدانەوەی سەرکێشیەکانی دوژمن.

بەڵام تێکشکانی دەبابەکە بەم جۆرە بوو کە بۆتان دەگیرمەوە: پێشمەرگەیەکمان بەناوی عومەر چەند گوللە RBG یەکی پێوە ناو منیش بەهەمان شێوە، ئەوە بوو لەیەك کاتدا گوللە RBGیەکی عومەر و دانەیەکی منیش بەر هەردوو لاتەنیشتی دەبابەکە کەوت، بەڵام کاریگەر نەبوو، کەچی سەری لێ شێواو کەوتە خوار جادەکەو لەکار کەوت، بەوهۆیەشەوە دوژمن هێندەی تر ووڕەی بەرداو شکا کەلە ڕاستیشدا هێزی دوژمن هەر لە بنەڕەتەوە فشۆل ببوو، بەهۆی شکستیان لە ڕاپەڕیندا.

هەروەها باسی لەوەش کرد دوای چەند ڕۆژێك هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە زنجیرە شاخەکانی ئەزمڕو هەروتە ڕووبەڕووی چەندین شەڕو پێکدادان بونەتەوە وهەموو جارێکیش دوژمن زەرەو زیانی ماددی و گیانی زۆری بەرکەوتووە و شکاوە، باسی لە ژمارەیەکی تری فەرماندەو پێشمەرگەی ئەو هێڵە بەرگریەیە کرد کە ڕۆڵی دیارپان بینیوە، لەناویاندا:- هەڤاڵان عەبەڕەق و عەلی چەلەبی، وتیشی کە فەرماندەیی ئەو بەرەیە لە ئەستۆی ماموستا جەمال محەمەددا بووە، هەڤاڵ جەبار فەرمانیش سەرپەرشتی هەموو هێزەکانی کردووە، لەکۆتایشدا ئاماژەی بە شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگەی وەك: شەهیدان عەلی بەرزنجی و ئیسماعیل خولە کوردی و ئاری و.. هتد کرد. وتیشی خۆم لەشەڕێکدا لە شاخی هەڕوتە بەسەختی بریندار کرام.

سەرکردایەتی مەبەستی بوو

دلاوەری حاجی عوسمانیش بەشداری داستانەکەی کردووەو فەرماندەی تیپ بووە لە بەتالیۆنی 7 ی سلێمانی، ئەو باسی لە قارەمانێتی دەستەکەی تالیب مۆریاسی کردو پاشانیش وتی: ڕۆژی 1991/4/3 حکومەت گەیشتە سلێمانی و هێزەکان پاشەکشێیان کرد. سەرلەبەیانی ڕۆژی 4/6/ 1991دووژمن پەلامارى ئەزمڕی داو دەستەی کاك تالیب شکاندیان‌و دوو ئۆتۆمبێلی سەربازیان گرت، ئێوارەی هەمان ڕۆژ من‌و ماموستا جەمال محەمەد کە فەرماندەی بەتالیۆنی 7 بوو لەگەڵ شێخ کامیل ڕابەر سیاسی بەتالیۆن و چەندین پێشمەرگەی تر چووین بەهانای برادەرانەوە شەڕێکی سەخت ڕوویدا.

دلاوەری حاجی عوسمان تیشکی خستە سەر گرنگی شاخی ئەزمڕو هەوڵی داگیر کردنی لەلایەن دوژمنەوە، ئەو وتی هەڵبژاردنی شاخی ئەزمڕ بۆ هێڵی بەرگری و بەرەنگاربونەوەی حکومەت لەبەر ئەم هۆیانە بوو:-

یەکەم- شوێنەکە زۆر ستراتیژی بوو گەر حکومەت بیگرتایەئەوا هەموو ناوچەی شارباژێڕیش دەکەوتە ژێر دەسەلاتی.

دووەم- خەڵکێکی زۆر شەهید دەبووە.

سێیەم- هەڤاڵ مام جەلال لە ماوەت بوو بۆیە لەلایەن سەرکردایەتی‌یەوە زۆر مەبەست بوو بوو کە ئەو شوێنە نەکەوێتە دەستی دوژمن، کاك جەبار فەرمان بۆ خۆی سەرپەرشتی بەرەکەی دەکردوو ڕۆژی 1991/4/8 لە شاخی ئەزمڕ سەردانی کردین ڕێنوێنی پێویستی پێداین، ڕۆژی 1991/4/9 دووژمن هەوڵیدا ئەزمڕ بگرێت، شەڕی قورس ڕووی داو کاکە عەبە (عەبەڕەق) بریندار‌بوو، بێگومان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هێزەکانی سوپای عێراق گوشاری زۆری لەسەرمان دروست دەکردوو پێکدادانی توند ڕووی دەدا لەبەرامبەریشدا هێزەکانی ئێمە زیادی دەکردوو حکومەت نەی دەتوانی پێشڕەوی بکات، لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئاماژەی بەڕۆڵی چەندین فەرماندەی تری وەك ئەنوەر دۆلانی و سەید ئەحمەدو مام ڕۆستەم‌و هتد..کرد. لەبەرەنگاربوونەوەی زنجیرە چیاکانی ئەزمڕ وهەروتەدا، پاشانیش ئەوەی ڕوون کردەوە کەلە ڕۆژانی 12,13/ 4/ 1991و دواتریش کاتێك حکومەت دەیویست هەرچۆنێك بێت ئەو زنجیرە شاخانە بگرێت، هێزەکانی بەرەی کوردستانیش هاتوون‌و چەندین بەرگری قارەمانانەیان ئەنجام داوە بەو شێوەیە هەمو ڕۆژێك هێرشەکانی دوژمن بەردەوام بوون بەڵام هەمیشە لەبەرامبەر پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانیدا تێکدەشکان.

لەکۆتایی قسەکانیشیدا دلاوەری حاجی عوسمان وتی: تا ڕۆژی 1991/4/17 شەڕەکان درێژەیان کێشاو13 شەهیدو چەند بریندارێکمان هەبوو دوژمنیش جگەلەوەی نەیتوانی مەبەستەکەی بپێکێ، زەرەی زۆری بەرکەوت، بریار بوو ڕۆژی 1991/4/17 هەموو هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی هێرش بکەینە سەر سلێمانی و دوژمن وەدەر بنێ‌و خۆشمان ئامادە کرد، بەڵام هەواڵمان بۆ هات کە وەفدی کورد بەسەرۆکایەتی کاك فەرەیدون عەبدولقادر بەمەبەستی سازکردنی زەمینەی وتووێژ لەگەڵ میری لەشاری سلێمانیە، هاوکاتیش کار بە دەستانی ڕژێم ترسیان لەو هێرشە چاوەروانکراوەی ئێمە بۆ سەر سلێمانی هەبوو بە کاك فەریدونیان ڕاگەیاندبوو کە پێشمەرگە نیازی هێرشی هەیە.... بۆیە ئەوە نەکراو گفتووگۆی نێوان بەرەی کوردستانی‌و میری کۆتایی بە شەڕ هێنا.

ناچار بە گفتوگۆ کرا

هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداغی فەرماندەیەکی سەربازی حزبی شیوعی کوردستانەو بەشداربویەکی داستانی ئەزمڕە، ئەو ئاماژەی پێدا کە ڕۆژی 1991/4/11 بەڕێز مام جەلال بروسکەیەکی بۆ پارتی‌و شیوعی کردووە کە بچن بۆ ئەزمڕ و هاوکاری هێزەکانی یەکێتی بکەن، لەناوبروسکەکەشدا ناوی حەمە ڕەشید قەرەداغی‌و ئازاد قەرەداغی هێنابوو .

پاشان هەردوو فەرماندە و هەردوو حزب لەسەرجێبەجێ کردنی بروسکەکە ڕێك دەکەون‌و دواتریش لەگەڵ هێزێکی تری پارتی بە فەرماندەیی کاك دەرویش ئاغا چوون بۆ قەڵاچوالان ، دوای ئەوە دەگەنە شاخی ئەزمڕ، ماموستا جمال محەمەد داوا لە حەمە ڕەشید قەرەداغی دەکات ڕەبایەیەکی شاخی هەروتە بگرن .

لەوبارەیەوە فەرماندەکەی حزبی شیوعی ووتی : پێشتر هێزەکانی یەکێتی ئەو ڕەبایەیان گرتبوو، بەڵام دوژمن بە هێرشی زۆر و بۆردومانی چڕوپڕ لێی سەندبونەوە ئەوە بوو ڕۆژی 1991/4/13 (40) پێشمەرگەی ئازام لەگەڵ خۆم بردوو بەپێی نەخشەی دیاریکراو ڕەبایەکەمان گرتەوە ، لەئەنجامیشدا پێشمەرگەیەکمان بەناوی ئاکۆ ئیبراهیم شەهیدو سیانی تریش بریندار‌بوون، هاوکاتیش کاك ئەنوەر دۆلانی و هێزەکانی تری (ی.ن.ك) چەند ڕەبایەیەکی‌تریان گرت و هێزەکانی دوژمن بەرەو سلێمانی ڕاونران. هەروەها باسی لەوەش کرد تا 16 ی مانگ شەڕی بەرامبەر لەنێوان ڕژێم‌و پێشمەرگەدا هەبووە.

لەبەشێکی تری قسەکانی‌دا حەمەڕەشید قەرەداغی باسی لەخۆ ئامادە کردنی هێزەکانی بەرەی کوردستانی کرد بەمەبەستی گرتنی سلێمانی و شەوی 17\18 / 1991/4 بریاری هێرش دراو لەگەڵ کاك جەبار فەرمان‌و دەرویش ئاغا‌و ماموستا جەمال محەمەد تا نزیکی دەباشان پێشرەویان کردووە ، بەڵام جیهازیان بۆ کراوە هێرشەکە ڕاگرن چونکە وەفدی کوردی لە سلێمانی بووە بەمبەستی ووتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. ووتیشی : حکومەت بەتەواوی ووڕەی بەردابوو ، ئێمەش دەمانویست هێرشکە ڕانەگرین ، بەڵام کاك فەرەیدون عەبدولقادر کەلەسلێمانی بوو جیهازی بۆ کاك جەبار کردو پێی ڕاگەیاندین کە هێزەکانی حکومەت بە تەواوی ترسیان لێ نیشتووە و خەریکە شار چۆل دەکەن، ئێمەش هێرشەکەمان ڕاگرت‌و بەو شێوەیە ووتووێژ دەستی پێ کرد، هێزەکانی حزبی شیوعیش تا کشانەوەی سوپای عێراق،هاوشانی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەجێی خۆیان مانەوە .

سەید ئەحمەد حەمەلاو فەرماندەی تیپی 71 لە بەتالیونی 7 ی سلێمانی ئەوسا، وتی: ڕۆژی 1991/4/8 کاك ملازم عومەر کە لە خێوەتە بوو پێی وتم: مام جەلال لە خێوەتەیە وپێویستە هێزی زیاتر ببڕێتە شاخی ئەزمڕ. منیش کە بەهۆی نەخۆشییەوە پێشتر هێزەکەم دابووە دەست شێخ کامیلی ڕابەر سیاسی بەتالیۆنەکەمان، چەند کەسێکی کەمم لە گەڵدا بوو ئەوانەش وەك خزم و برادەرایەتی بوو لەقەڵا چوالانیش هەڤاڵان ئازاد دەرەمیانی‌و محەمەد ماوەتی کە هەردوکیان فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی 71 لەگەڵ چەند کەسێکی‌تر ژمارەمان بووە بە 22 پێشمەرگە و دوای ئەوەی کاك جەبار فەرمان و ماموستا جەمال محەمەدم بینی، چووین بۆ ئەزمڕ، کاك عەلی چەلەبی و عەبەڕەقیش هاتن بۆ لامان و هێزەکەمان پتەوتر بوو، حکومەت ڕۆژانە هەوڵی ئەدا زنجیرە چیای هەروتەو گۆیژە بگرێت بەڵام سەرکەوتنیان بەزەرەری خۆیان تەواو ئەبوو.

چەند ڕۆژێك پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی شاخی هەروتەوە هێزەکانی حکومەت ڕەبایەیەکیان دانابوو بەردەوام بە هاوەن و بی کەی سی و دۆشکە تەقەیان لێ دەکردین، تا ڕادەیەکی زۆر مەترسیان بۆ سەر ئێمە و بەرەکە دروست کردبوو، ڕۆژی 1991/4/12 دنیا تەم و مژ بوو ئەوان سوودیان لە کەش و هەوا بینیی و تا نزیکی ئێمە دزەیان کردوو، ئێمەش لێمان دان و شکان. 6 سەربازیان پەرتەوازە ببوون‌و لەلایەن مەفرەزەیەکی ئێمەوە دیل کران، دواتر درانە دەست کاك قادری حاجی عەلی، ڕۆژی دواتر لەگەڵ هەڤاڵان عەبەڕەق و عەلی چەلەبی و ئازاد دەرەمیانی..هتد بریارماندا ڕەبایەکە بگرین، کاتێك بۆیان چووین زانیمان ئەوانیش نیازی هێرشیان هەیە و لە نێوان ڕەبایەکانی هەردوو لادا شەڕ دروست بوو، گرتنی ئەو ڕەبایە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، پێشبینی شەهیدی زۆرمان دەکرد بریاریش وابوو کێ شەهید و بریندار بوو نابێ بگەڕێینەوە بۆی و پێوەی سەرقاڵ نەبین، بۆیە پێشمەرگەیەك بەناوی مەجید لەتەنیشت منەوە پێکراو وازمان لێ هێنا، کە بەرەو ڕەبایەکە هەڵدەگەڕاین کەوتینە تۆری ئەلغامەوە و برادەرێکمان پارچەی پێی ئەلغام پەراندی لەو قۆڵەوە هێرشەکەمان ڕاگرت و لە دیوی سلێمانیەوە هێرشمان کردەوە و ڕەبایەکەمان گرت.

بۆ سبەینێ 6 پێشمەرگەی هێزەکەی کاك سوهاد خانەقینی لەڕەبایەکەدا مانەوەوهێزەکانی تر دابەشی شوێنەکانی تر کرانەوە، بەڵام بە بۆردومانی چڕوپڕ 4 لەو پێشمەرگانە شەهید بوون. بەو شێوەیە چەند جارێك حکومەت بەڕۆژ ڕەبایەکەی دەگرت و بەشەو لێمان دەسەندنەوە. دواتر لەبارەی فراوانی بەرەی شەڕەکەوە سەید ئەحمەد ڕایگەیاند؛ لە ئەزمڕ دەستی پێ دەکردو لە قەیوان کۆتایی دەهات.

سەبارەت بە هێزەکانی بەرەی کوردستانیش وتی: سەرەتا پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لەشەڕدا بوون بەڵام دواتر هێزەکانی پارتی و حزبەکانی تری بەرەی کوردستانیش هاتن و شەڕی ئازایانەیان کرد، دەربارەی ووڕە و ئامادەیی پیشمەرگە بۆ بەرەنگاربونەوە لەو داستانەدا سەید ئەحمەد گێڕایەوە کە پێشمەرگەیەك بەناوی حەمە دێگەڵی بەخێزانی خۆیی و هەموو براکانی تەنها یەك ئۆتۆمبێلیان هەبوو لە کۆڕەودا پێی ڕۆشتبوون، کاتێ زانی بووی ئێمە گەراوینەتەوە بۆ ئەزمڕ و شەرمان کردووە ئەویش ئۆتۆمبێل و خێزانەکەی لە گوندی موبڕەو مامە خەلان جێهێشتبوو هاتەوە بۆ لامان، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشمەرگە ئازاو دلسۆز و ڕۆشنبیرە کە دەرچووی کشتوکاڵ بوو لەو شەڕەدا شەهید بوو.

بەر لە کۆتایی قسەکانیشدا ئاماژەی بەهەل و مەرجی سیاسی ئەو کاتەو بەرژەوەندی وڵاتان لەگەڵ حکومەتی عێراق کرد وتی : ئەو ململانێیەی لە نێوان وولاتە زلهێزەکان هەیە بۆ پچڕینی بەشی زیاتر لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك عێراق وای کرد ڕێگە بە سەدام بدەن ڕاپەڕینی کورد بەهەموو جۆرە چەکێك پوچەڵ بکاتەوە بۆیە کاتێك هێزی پێشمەرگە لە بیرە نەوتەکانی کەرکوك نزیك دەبوونەوە حکومەت بەپشتیوانی چەندین وڵات‌و موجاهدینی خەلق کەوتە وێزەی خەڵکی کوردستان بەڵام کۆڕەوی ملیۆنی‌خەڵکی کوردستان بووە ڕاپەڕینێکی‌تر و کارپێکردە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بە سوودی کورد.

بۆیە حکومەتی عێراق کە لە ڕاپەڕیندا شکستی زۆر گەورەی بەرکەوتبوو نەیدەتوانی بەردەوام شەڕ بکات، ناچار بوو دەست بداتە گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت دەیویست بەر لە گفتوگۆ زۆرترین ناوچەدا گیربکات تا لەسەر مێزی گفتوگۆ بەو پێوانەیە کەمترین داوای وەفدی کوردی بسەلمێنێ، مەبەستی بوو شاخی ئەزمڕ بگرێت‌و بەرەو پێشتر بڕوات ئەوە بوو مەرامەکەی سەری نەگرت‌و لەناچاریدا گفتوگۆی قبوڵکرد.

ئەمانەتێکی مێژوویی

لەقسەی ئەو فەرماندانەی بۆمان دوان، دەرکەوت کەبەرەنگاربونەوە لەکێوی ئەزمڕ زۆر گرنگ و پێویست بوو لەسەڕ ئەو هەل‌و مەرجە ئالۆزەی ئەوسای کورد، بۆیە بریاری بەرەنگاربونەوە سەرەتا لەلای ی.ن.ك. و پاشان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دراولەگەرمەی سەرکەوتنی دوژمندا چەندین بەرەنگاربونەوەیان نواند لەدوایشدا ڕژێم ناچارکرا وتووێژ قبوڵبکات.

وەك ئەمانەتێکی مێژوویش هەریەك لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی بۆمان دوان دوپاتیان کردەوە کە چەندین پێشمەرگەی تریش لە هەموو حزبەکانبەشداری شەری زنجیرە شاخەکانی ئەزمڕو گۆیژە و هەروتەیان کردەوەو ئازایەتی بێ وێنەیان نواندووە.